# سنگ له ئێوه و گولله له ئێمه

حەمەسەعید حەسەن

ئەوە ئێوە هیچ شەرم ناکەن؟ نە جارێکە و نە دووان، لە ناکاو دەرژێنە سەر شەقامەکان و یەخەمان دەگرن؟ دەزانن تەواو ناخۆشتان کرد؟ کارەباتان دەوێت؟ بۆچی ئێوە پێتان وایە، ئێمە (ئەدیسۆن)ین، تا خەریکی کێشەی کارەبا بین؟ ئەوە بۆچی هێندە درەنگ تێدەگەن؟ ئەوە بۆچی نازانن کە ئێمە هیچ لەگەڵ ئەدیسۆندا کۆمان ناکاتەوە و ئەگەر سووکە پێوەندییەکیشمان هەبێت، لەگەڵ (ئەدۆنیس)دا هەمانە! ئەدۆنیسیش شاعیرە و نە دەزانێت میگاوات بخاتە ڕستەوە، نە دکارێت پێناسەی ڤۆڵت بکات، نە سەرەواوێکی سەبارەت بە ئەمپێر لە هەناودایە و تەنانەت توانای گۆڕینی گڵۆپێکی سفریشی نییە.

ئاوتان دەوێت؟ بۆچی پێتان وایە ئەوە هەڵەی ئێمەیە کە ئاوتان نییە؟ بۆچی وای بۆ دەچن، ڕووباری نیل لە کوردستانەوە هەڵدەقوڵێت و ئێمە ڕێڕەوەکەیمان گۆڕیوە! بە خودا ئێوەش سەیرن! ئەوە بۆچی زۆر بە ئاسانی دەتوانن سوود لەو ئامێرانە وەربگرن کە لە ژاپۆن دروست دەکرێن، کەچی هیچ سوود لە ئاوی نیل وەرناگرن کە بە میسردا ڕەت دەبێت؟ ئەوە نییە ئێوە شەو و ڕۆژ باسی جیهانگیریمان بۆ دەکەن؟ ئێ باشە کە ئێوە بڕواتان بە جیهانگیری هەیە و گوایە جیهان هەنووکە گوندێکی بچووکە، بچن لە میسرەوە ئاو بهێنن و شەڕی خۆتان لە ئێمە بە دوور بگرن؟

باسی بەرزیی نرخی شتومەک و نزمیی مووچە دەکەن؟ جارێ خۆی ئەوە هیچ بایەخێکی نییە کە مووچەکەت نزمە یان بەرز، گرنگ ئەوەیە هەر یەکێک لە ئێوە مووچەی خۆی هەیە، ئیتر سی دۆلارە یان سێ هەزار، ئەوە کەی کێشەیە؟ شتومەک گرانە؟ هی هەرزان بکڕن! یان هەر هیچ مەکڕن و تەواو. کرێی خانوو گرانە؟ ڕەشماڵ هەڵبدەن! هەم فێنکە و هەم فۆلکلۆریشە. ئەوە بۆچی هیچ بایەخ بە کەلەپووری نەتەوەکەتان نادەن؟ ڕەشماڵ، ڕەسەنتر نییە لە ڤێللا؟ مۆم، ڕۆمانسییانەتر نییە لە گڵۆپ؟ بۆ ئەوەی لەشتان وەک گوێزی ساغ بێت، باوەشێن باشتر نییە لە سپلیت؟ ئینجا ئەوەی کە ئاستی ژیانی ئێمە بەرزە و هی ئێوە، نەوی، خۆ شتێک نییە ئێمە دامانهێنابێت، بچن سەرنجی قورئانی پیرۆز بدەن، بزانن تەنانەت خوداوەندیش لەگەڵ ئەوەدا نییە، کە جیاوازی چینایەتی هەر هەبووە و هەر دەشمێنێت؟ ئەوە نییە لە ئایەتی بیست و یەکی سوورەتی (ئیسرا)دا دەفەرموێت: (خودا فەزڵی هەندێک کەسی بەسەر هەندێک کەسی دیکەدا داوە؟) بۆچی ئێوە پێتان وایە، لە خودای دلۆڤانیش، دادپەروەرترن؟

کێشەی سووتەمەنیتان هەیە؟ بۆچی پێتان وایە ئێمە سەر بە بنەماڵەی (کۆڵبنکیان)ین؟ یان لە ماڵەوە، سەرو بیری نەوتمان لێ داوە؟ بچن بە لیتر، بە بوتڵ، بە جلیکان و تەنانەت بە تەنکەریش لەسەر ئەو ڕێگا گشتییانە چی دەخوازن، بیکڕن؟ ئەدی ڕێ نەکەوتین لەسەر ئەوەی بازاڕ، ئازاد بێت؟ فەرموون ئەوە کوردستان ئازادترین بازاڕە! بەنزینی عێراقیتان دەوێت، هەیە، هی تورکیاش هەروەها و هی ئێرانیش هەروەها. بە گران پێتان دەفرۆشن؟ ئێ بازاڕی ئازاد مانای ئەوەیە، قاچاخچی ئازادە بە چەندی دەفرۆشیت، هاوولاتییانیش ئازادن، دەیکڕن یان نا.

نە جارێکە و نە دووان، ئێوە دەرژێنە سەر شەقام و ئێمە دەستتان لێ ناپارێزین. داوای ئاودانکردنەوەی شارەکانتان دەکەن، دەتاندەینە بەر فیشەک، داوای ئاو و کارەبا و سووتەمەنی دەکەن، دەتاندەینە بەر دەسترێژ، داوای بەرزکردنەوەی مووچە دەکەن، دەتاندەینە بەر گوللە، دژی گەندەڵکاری کە لە کوردستاندا بوونی نییە و زادەی خەیاڵی نەخۆشی ئێوەیە، خۆپیشاندان ساز دەکەن، دەتاندەینە بەر تەڵقە. ئەوە بۆچی هەر تێناگەن کە لەم قۆناغە ناسک و نازەنینەدا، دروشمی ئێمە بریتییە لە: (سنگ لە ئێوە، گوللە لە ئێمە؟) ئەوە بۆچی دوای ئەو هەموو لێزمەی گوللەیە کە لەو هەموو شار و شارۆچکانەوە، بەسەر ئێوەماندا باراند، هەر حاڵیی نابن و هەمدیسان دەرژێنەوە سەر شەقام و وەک زەریا شەپۆل دەدەن؟ ناشێت بە هیوای ئەوە بن، تاکتیکی خۆمان بگۆڕین و ئیدی کە ڕژانە سەر شەقام، وەک کوردستان، بەشێک بێت لە ئەورووپا، بەر ڕەشاشی ئاوتان بدەین؟ ئێوە پێتان وایە، ئێمە هێندە کاڵفامین، دێین بەم چلەی هاوینە ئاوپرژێنتان دەکەین؟ بۆ ئەوەی فێنک ببنەوە و چالاکانەتر پەلامارمان بدەن؟ دەتوانن خەو بەو ڕۆژەوە ببینن، بەڵام دڵنیابن، ئەوە خەوێکی نەزۆکە و بەدیهاتنی لە سایەی ئێمەدا، مەحاڵە.

خودا لە قورئاندا سوێندی بە هەنجیر و زەیتوون خواردووە، ئێمە سوێند بە داربەڕووەکانی کوردستان دەخۆین، ئەگەر ئێوە جارێکی دیکە بڕژێنەوە سەر شەقام، بەشێکتان تەقتیل و باقیتان تەهجیر و تەبعید و تەشرید دەکەین و میللەتێکی دیکە ئیستیراد دەکەین، ئاخر ئێوە سەلماندتان کە زۆر لەوە گچکەترن، شیاوی ئەوەبن، ئێمەی گەورە، فەرمانڕەواییتان بکەین. بێ ئەوەی خودا نە خواستە، هێندەی گەردێک هەست بە لووتبڵندی بکەین، دەڵێین: ئێمە شیاوی ئەوەین، حوکمی میللەتێکی چل پەنجا میلیۆنی پۆستمودێرن بکەین، نەک میللەتێکی چوار پێنج میلیۆنی موتەخەلیف.

2006. 08. 18

* لەسەر کوردی پەکم نەکەوتووە، بە تەوسەوە چەند وشەیەکی عەرەبیم بەکار هێناوە.